


# زمانی چیا و چوار شانۆنامەی تر

کامەران سوبحان

زمانی چیا ناوی کتێبێکی وەرگێڕانە، جگە لە "زمانی چیا"ی هارۆڵد پنتەر چوار شانۆنامەی تری لە خۆگرتووەو لەلایەن نووسەرو وەرگێڕ ئازاد عەبدولواحیدەوە کراوە بە کوردی و لە ساڵی 2006دا لەلایەن (گۆڤاری رامان)ەوە لە شاری هەولێر بڵاوکراوەتەوەو هونەرمەند ئەحمەد سالار بە دوو پەڕە پێشەکییەکی بۆ نووسیوە بە ناوی (وشەی رەوا)وە.

ئەو دەقانەی تریش کە جگە لە (زمانی چیا) لەم کتێبەدا هەن بریتین لە (شورەی چین– نووسینی ماکس فریش، شەوی بکوژان– نووسینی خوزییە تریبانا، چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان– نووسینی ئەدوارد ئەلبی، پیاوێك خۆی بە بارمتە دانا– نووسینی مەهدی ئەلسەماوی).

بەشێوەیەکی گشتی کاتێك خوێنەر ئەم پێنج دەقە شانۆییە دەخوێنێتەوە جۆرێك لە تایبەتمەندیی زمان و هونەری وەرگێڕانی تێدا بەدیدەکات، کە رەنگە بە پلەی یەکەمیش ئەمە بۆ تواناو لێهاتوویی وەرگێڕەکەو ئاستی دەقە شانۆییەکان بگەڕێتەوە، خاڵێکی تریش کە مایەی لەسەر وەستانە هەڵبژاردنی دەقە، کە لای من جەوهەریترین رەگەزە بۆ ئیغراکردنی خوێنەرێکی تایبەت، کە سەرنجی بۆ لای ئەو دەقە بچێت و بە شەوقە بیخوێنێتەوە.

دیاره بۆ من جگە لە مەهدی ئەلسەماوی، ئەو چوار نووسەرەی تری نێو ئەم کتێبە (زمانی  چیا) هەریەکەیان چەند دەقێکی تریانم خوێندووەتەوە، کە هەرەکەیان بۆ خۆی خاوەن ریتمو تایبەتمەندین لە ئەدەبیاتی شانۆدا.. رەهەندو مەودایەکی تریش کە ئەمڕۆ لە ئەدەبیاتی شانۆییدا جێگەی گفتوگۆیە، ئەو رەگەزەیە کە دەقی شانۆنامە لەبەردەم دوو ئەگەری تایبەتمەنددایە، کە ئەوانیش:

یەکەمیان:. دەقی تایبەت بە نمایش.

دووەم:. دەقی تایبەت بە خوێندنەوە.

ئەمە جگە لەوەی زۆر دەق هەن خاوەنی تایبەتمەندییەکن کە هەردوو رەگەزەکەیان تێدایە، واتە بۆ خوێندنەوەو نمایشیش چێژبەخشن، دەکرێت دەقەکانی (شکسپیر، فریدنان ئارابال، ژان ژینیە) دیارترین جۆری ئەو شانۆنامانەبن. بەڵام لەو پۆلێنەدا کە دەقی تایبەت بە نمایش ئەو دەقانەن، کە زیاتر بنەمای نمایشیان تێدایەو رەنگە بۆ خوێنەرێکی سادە چێژبەخش نەبن.

جۆری دووەم دەقی تایبەت بە خوێندنەوە، دەقگەلێکن کە رەنگە مەودای نمایشیان لە شانۆدا کەمێك ئەستەم بێتو پێویستی بە کەرەستەو تەکنەلۆژیای زیاد لە پێویست هەیە، بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت لەسەر تەختەی شانۆ وەك خۆی ئەو شانۆیە ببینێت. ئەم (5) دەقەی (ئازاد عەبدولواحید)یش هەڵیبژاردوون دەتوانم بڵێم هەردوو رەگەزەکەی تێدایە، کە من بۆ خۆم جگە لە شورای چین هەر چوار دەقەکەی تریشم وەك نمایش بینیوە، چێژی خوێندنەوەم هیچی کەمتر نەبووە لە چێژی نمایشو بینین.

دیارە ئەمەش پەیوەستە بە هونەری وەرگێڕانو تواناو لێهاتویی ئەو وەرگێڕەی کە دەقێك هەڵدەبژێرێت بۆ وەرگێڕان، کە خۆشبەختانە وەرگێڕ توانیویەتی چێژی دەقەکان وەك خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت، نامەوێت ئەوەش لە خوێنەر بشارمەوە، کە چەند دەقێك لەم دەقانە چەند وەرگێڕێکی هەبوو، بەتایبەتی (زمانی چیا)و چەند جارێکیش نمایشکراوە. بۆیە سەرنجی زیاتری من بۆ سەر ئەم دەقەیانە، چونکە بەڕاستی ئەم دەقەی (پنتەر) لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا دەنگۆیەکی زۆری لە میدیای ئەوروپیو تورکیدا هەبوو، بەتایبەتی ئەو قۆناغە پرسی کوردو زمانی کوردی گەرموگوڕترین پرسی میدیای ئەوروپی بوو. پار ساڵیش کاتێك (هارۆڵد پنتەر) خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتو ئامادەی رێوڕەسمەکە نەبوو، چەند پەرەگرافێك لەم شانۆنامەیە لە چەند رۆژنامەیەکی بەریتانیدا بڵاوکرایەوە، وەك گوزارشتێك بۆ هەستی مرۆڤپەروەریی ئەو بەرامبەر میللەتێکی چەوساوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو میللەتەش (کوردە).

کارەکتەری ئەفسەرەکە:

ئەی ئێستا.. باش گوێم لێبگرنن خەڵکی شاخ گوێتان لێمە.. زمانەکەتان مرد!!

بەکارهێنانو بڵاوکردنەوەی قەدەغەکراوە، رێگەتان پێنادرێ لێرە بە زمانی چیا بدوێن، ئاگادارتان دەکەینەوە نابێت لەگەڵ پیاوەکانتان پێی بدوێن، قەدەغەیە!!

پێویستە لەسەرتان زمانی پایتەخت بەکاربهێنن، کە تەنیا زمانێکە لێرە رێگەی پێدراوە بەکاربێ، گەر بە زمانی چیا بدوێن وەی لەحاڵتان، ئەمە بڕیارێکی  سەربازییە!!

بڵاوکردنەوەی ئەم پەرەگرافانەی نێو ئەو دەقە لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا هێندەی تر تورکەکانی وروژاند، نۆبڵ تورکەکانی توڕەکرد، ساڵی پاشتریش درا بە پاموك، ئەوە دوو ساڵ لەسەر یەك بەهۆی کێشەی نەتەوەیەکەوە تورکەکان لە نۆبڵ زویرن.

ئەم فۆڕمە لە نووسینی شانۆنامەکە لە (زمانی چیا)دا بەکارهاتووە، فۆرمێکە زۆر لە ئەدەبیاتی شانۆی ئێمەدا قسەو باسی لەسەر دەکرێت، کە ئایا دەکرێت پرسە نەتەوەیی و کولتورییەکان لە ناو سنوری دەقی شانۆدا جێگەی بکرێتەوە؟ ئەی بۆنا.. زمانی چیا نموونەیەکی زیندووی ئەو جێکردنەوەیەیە، بەڵام زۆرجار ئاڕاستەی قسەکردن و دووان لەسەر ئەو بابەتە لای ئێمە شێوازێکی زۆر سادەو ساکاری دەبێت،  زۆرجار نووسەران دەق دەنوسن دیالۆگەکان زۆر ڕاستەوخۆ و زۆر ساکارن، ناشکرێت گوتاری ئاراستەکردنی بابەتی وروژێنەر فۆرمێکی وا ڕاستەوخۆی هەبێت، هەروەك چۆن زمانی ئاخافتنی شیعری و بونیادنانی وێنەی شیعر پێویستە بە گەڵاڵەکردن و داڕشتنی جۆرێك لە تایبەتمەندییە لە نێوان هێماو ئاماژەی شیعری و زمانەوانیدا، هەر کات شیعر ئەم ڕەگەزانەی ونکرد بەس تەنها شیعری لێ بەرهەمنایەت، شانۆش بەهەمان شێوە خاوەن ئەو تایبەتمەندییەو پێویستە بونیادو کارەکتەرو چیرۆکی خاوەن تایبەتمەندی بێت لە نێوان ئەو نهێنیانەی دەوترێت و ئەو ڕستانەی لە نێوان کارەکتەرەکاندا قسەی پێدەکرێت.

لەڕووی وەرگێڕانیشەوە وەرگێڕ زۆر جوان بنەما ئیستاتیکیاکەی زمانی پاراستووە. من بۆ خۆم جگە لەم وەرگێڕانەی کاك ئازاد عەبدولواحید وەرگێڕان و پێشەکییەکەی (د.نیهاد صلیحە)شم خوێندووەتەوە، پێموابێت لە خوێندنەوەی هەردوو وەرگێڕانەکەدا خوێنەر هەست بەو چێژە تایبەتییە دەکات، کە لە دەقەکەدا هەیە.

ڕەگەزێکی تر لەم وەرگێڕانەدا چۆنیەتیی چنین و گەیاندنی وێنەی تایبەتیی ئەو حاڵەتەیە، کە چیرۆکەکەی تێدا ڕوودەدات، کە شوێنی زیندان و سەردانی زیندانە، پێموابێت ڕەنگە وەرگێڕێکی سادە ناتوانێت ئەم دەقە وەرگێڕێت گەر لانی کەم بەوردی ئاگای لە تەکنیکی شانۆیی و شێوازی نووسینی شانۆنامە نەبێت، چونکە هەندێ حیوارو نیو ڕستە هەیە، جۆرێك لە تایبەتمەندیی مانای شاراوەی تێدایە، بەتایبەتیش لە ناوی شانۆنامەکەدا (پنتەر) سیمبولێکی هەڵبژاردووە، کە (چیا)یەو بە زمانی ئەو (چیا)یە دەیەوێت باس لە گرفتەکانی نەتەوەیەك بکات، بەبێ ئەوەی یەك ڕستە باسی کوردو کوردستان بکات، کێشەی نەتەوەیەکی خستووەتە ڕوو، ناوبانگێکی زۆریشی دایەوە..

دوا سەرنجم لەسەر ئەم شانۆنامەیە ئەوەیە بەڕاستی لەگەڵ پێزانین بۆ برای وەرگێڕ، بەڵام دەبایە دەیان ساڵ پێش ئێستا ئەم دەقە بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕایە، چونکە چ نووسەرەکەی چ دەقەکە لە ئەمڕۆ و لە شانۆی مۆدێرندا وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکی سەیردەکرێت، بەڵام گومانم نییە بەشی هەرە زۆری شانۆکارانی کورد ئەم دەقەی نەخوێندووەتەوە!!.